سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە ڕیازی پایتەختی وڵاتی سعودیە

سەرۆک وەزیرانی عێراق بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە گەیشتە ڕیازی پایتەختی سعودیە.

مەحەممەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە (28ـی نیسانی 2024) گەیشتە ڕیازی پایتەختی سعودیە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی کە بەیارە ئەمڕۆ لە سعودیە ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بەم سەردانە، نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، سەرۆک وەزیران مەحەممەد شیاع سودانی گەیشتە ڕیازی پایتەختی سعودیە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی لەسەر بانگهێشتی شازادەی جێنشینی سعودیە مەحەممەد بن سەلمان بن عەبدولعەزیز.

هەروەها لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا کە لەلایەن شانشینی سعودیەوە میوانداری دەکرێت لەژێر ناونیشانی "هەماهەنگی نێودەوڵەتی و گەشەکردن و وزە بە پەرەپێدان"، سەرۆک وەزیران زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆکی وڵاتان و سەرۆککان و نوێنەرانی کەمپانیا گەورەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە بواری وزە و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ ئەنجام دەدات.